# لە مەیخانەیەکی پەرتا، دەمدۆزیتەوە.

فەرەیدوون ئەرشەدی
(ئەڵمانیا)

پاش ساڵانێکی دوور،
ئێوارەیەکی بارانی
بە خرینگەی پاموورەی شیعر و
خرمەی تەموورەیەکی گۆشەگیردا،
لە مەیخانەیەکی پەرتا
دەمدۆزیتەوە.
مەیخانەیەکی مژئاوی
کە تەنیا شەرابی یاد
بە شاعیرە قەلەندەرەکان
دەفرۆشن.
با زەمین لەمەی هەیە
بەرینتر بێت،
با من بە مەودای هەزاران هەناسەی مێخەک
لە تۆ دوور بم،
هەر پەنجەرەیەک بکەمەوە
خێراتر لە مەلیچکێکی جوان
خۆت ئەفڕێنیتە ژووری دڵمەوە و
ژیان دیسان
دەبووژێتەوە.
پاش ڕۆژگارانێکی دوور
گەر سۆراخم لە شەپۆلی بەر تریفەی ئاخرین مانگی
هاوین بپرسی
لە دوورترین دوورگەی سەرمەستیدا
سەدەفێکی نایابم،
پڕ لە مرواری خەندەت،
کە مەلەوانە بێ باکەکانی مەستی
بۆی دەگەڕێن.
پاش هاتنەوەیەکی ناوادە، وەک هەموو ڕۆیشتنە بێ
وادەکان،
گەر سۆراخم لە ئەستێرەی کاروانکوژە بپرسی
لە زوڵاڵترین ئاوەکانی وەفا دا
مەرجانێکی پەرێشانم،
پەرێشان وەک قژت
بە دەم شنەبای دەمەوبەیانی
قەڵایەکی دێرینەوە.
.
چ مەستن و بێ پەروا
ئەوانەی پاش ڕۆژگارانێکی دوور،
دەرگای مەیخانەیەکی مژئاوی دەکەنەوە
کە تەنیا شەرابی یادت
بە مەلەوانی تۆفانە سەختەکانی ئەشق
دەفرۆشن.

